ژمارە: ٢/ ١٠٥٢٢
No:

ڕێكەوت: ١١ / ٧ / ٢٠١٦ ی زاینی
٢٣ / ٤ / ٢٧١٦ ی كوردی
Date: / /٢٠١٦

## ڕێنمایی ژمارە ( ٩)ی ساڵی (٢٠١٦)

## هەمواری ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دكتۆرا لە زانكۆ حكومیەكانی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦ – ٢٠١٧)

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و بە ئامانجی ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ مامۆستایانی میلاكی هەمیشەیی زانكۆ حكومییەكانی هەرێمی كوردستان، بە مەبەستی پێشكەشكردنیان بۆ خوێندنی دكتۆرا لە زانكۆكانی كوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦ – ٢٠١٧)، بڕیارماندا بە هەمواركردنی (تەوەری یەكەم / برگەی ١. تێكرای نمرە (معدل)ی بەكالۆریۆس / خاڵی أ) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دكتۆرا لە زانكۆ حكومییەكانی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)، كە بە نوسراوی وەزارەت ژمارە (٨١٠٩/٢) لە (٢٠١٦/٥/٢٥) دەرچووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١. تێكڕای نمرە ( معدل)ی بەكالۆریۆس:**

أ. تێكڕای نمرە (معدل)ی (٦٠%) یان لە چارەگی یەكەمی دەرچوانی خولی یەكەمی سەر بەشی زانستی بۆ هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس مەرجە بۆ پێشكەشكردن (جگە لە دەرچوانی كۆلیژەكانی پزیشكی، پزیشكی ددان و دەرمانسازی، كە ڕەچاوی تێكڕای نمرەیان بۆ ناكرێت)، بەڵام مامۆستایانی زانكۆ ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن و پیشوتر نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) بەرەو سەرەوەیان لە زانكۆ حكومیەكانی كوردستان وەرگرتووە، لە یەكێك لە زانكۆ حكومیەكانی هەرێمی كوردستان بەشێوەی هەمیشەیی دامەزراون و، لە ئێستاشدا بەردەوامن لە وانەوتنەوە، ئەگەر هاتو تێكڕای نمرە (معدل)ی بەكالۆریۆسیان لە (٦٠%) كەمتر بێت، ئەوا مافی پێشكەشكردنیان بۆ خوێندنی دكتۆرا لە زانكۆ حكومیەكانی هەرێمی كوردستان دەبێت، بۆیە تێكڕای نمرەی (٦٠%) هیچ خاڵ وەرناگرێت واتە (٠) سفر خاڵی دەبێت و، بە زیادبونی هەر نمرەیەك (١) یەك خاڵی بۆ زیاد دەكرێت (بۆ نمونە ئەگەر پێشكەشكار تێكڕای نمرەی (٦٥%) شەست و پێنج بو، ئەوا (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت)، ئەو خوازیارانەی تێكڕای نمرەی بەكالۆریۆسیان كەمترە لە (٦٠%)، بەڵام لە چارەگی یەكەمی دەرچوانی خولی یەكەمی سەر بەشی زانستین، یاخود مامۆستایانی زانكۆ ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن و پیشوتر نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) بەرەو سەرەوەیان لە زانكۆ حكومیەكانی كوردستان وەرگرتووە، لە یەكێك لە زانكۆ حكومیەكانی هەرێمی كوردستان بە شێوەی هەمیشەیی دامەزراون و، لە ئێستاشدا بەردەوامن لە وانەوتنەوە، ئەوا هیچ خاڵ وەرناگرن.

*ئەم ڕێنماییە لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت.

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ:-

- نووسینگەی بەرێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
- وەزارەتی داد / رۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ رێزدا.
- راوێژکاری جەنابی وەزیر بۆ کاروباری خوێندنی باڵا / بۆ زانین / لەگەڵ رێزدا.
- راوێژکاری جەنابی وەزیر بۆ کاروباری تواناسازی / بۆ زانین / لەگەڵ رێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی / لەگەڵ رێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- بەرێوبەرایەتی کاروباری یاسایی ، لەگەڵ بەرابییەکان .
- دەرکردە خولاو .